# ئاسمانی نیوەتەواو

تۆماس ترانسترۆمێر

دڵساردی کێبڕکێی خۆی تەواو ناکا.
دڵەڕاوکێش مەودای خۆی تەواو ناکا.
کەرکەس کۆچەکەی خۆی تەواو ناک.
ئەو تیشکە پەرۆشە لەبەرەوە دەڕژێ،
هەروەها تارماییش قومێک دەخواتەوە.
و نیگارەکانی ئێمەش وەکوو سوور ئاژەڵ
لە ئاتێلییەی سەهۆڵبەنداندا دەکەونە بەر ڕۆژ.
هەموو شتێک دەڕوانێتە دەوەری خۆی.
ئێمەش لە خۆردا دەڕۆین بە سەدان ساڵ.
هەر مرۆڤێک درگایێکی نیوە کراوەیە
کە ڕێنوێنە بۆ جێگایەک بۆ هەمووان.
ئەم زەوییە بێ کۆتاییە لە ژێپێماندایە.
ئاو لە نێوان دارەستاندا دەدرەوشێتەوە.
مەنگە گۆلاویش پەنجێرەیە ڕووبەڕووی دنیا.

وەرگێرانی ڕەحمان سۆفی